پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر وەحی بۆ دابەزیایە تووشی سەختی وناڕەحەتی دەبوو، وڕەنگی ڕووی دەگۆڕا

لە عوبادەی کوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر وەحی بۆ دابەزیایە تووشی سەختی وناڕەحەتی دەبوو (بەهۆی قورسی ومەزنی وەحیەوە)، وڕەنگی ڕووی دەگۆڕا».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر وەحی -سروشی- بۆ دابەزیایە تووشی سەختی وناڕەحەتی دەبوو بەهۆی قورسی ومەزنی وەحی ودژواری ئەم دابەزینەوە، وڕەنگی ڕووی دەگۆڕا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گرنگی دەدا بە بابەتی وەحی؛ بە ئەوپەڕی گرنگی پێدانەوە، ودەترسا لەوەی داوا دەکرێت لە مافی بەندایەتی بۆ خوای گەورە، وحەمد وسوپاسکردنی خوای گەورە، و بەمەزندانانی باسکردنەکان وفەرمانەکانی خوای گەورە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10841